هاو نیشتیمانانی تێکۆشەر

هەر وەك ئاگادارن ڕۆژی یەکشەمبە 18.09.2005 لە وڵاتی سوید مەرزییەی فەریقی هونەرمەندی ناسراو لەناکاو و لە ناوەخت کۆچی دوایی کرد.
ئێمە کۆچی دوایی ئەم هونەرمەندە بەناوبانگە کە ساڵانێکی دوورو درێژە لە ئاسمانی هونەرو گۆرانی کوردیدا بە سرودو گۆرانی، کاروانی هونەرو گۆرانی کوردی دەوڵەمەندکرد، لە هەمان کاتیشدا وەك ژنێکی شۆرشگێرو پێشڕەو گەلێك لە سنورەکانی دابو نەریتی کۆنی کۆمەلایەتی بەزاند وە ڕێگای بو زۆر کچە کوردو ژنە کوردی دەنگخۆشو هونەرمەند خۆش کرد کە بە زاتو باوەڕ بەخۆ بێنە ناو مەیدانی هونەرو گۆرانی کوردی، بە کاك ناسر ڕەزازیو بنەماڵەکەیو هەمو خەڵکی کوردستانو ئەوینداراني هونەرو گۆرانی کوردی سەرەخۆشی ئەڵەینو خۆمان لەم خەمو پەژارەیاندا بە بەشدار دەزانین.
بە بێگۆمان ناوی مەرزییە فەریقی لە مێژووی هونەرو سرودو گۆرانی کوردیدا وەك ئەستێرەیەکی پرشەنگدار دەمێنێتەوە.

بەرزو بەڕێزبێت یادی ئەو هونەرمەندە پیرۆزە

کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران- کۆمیتەی فینلاند